# دابەش بوونی عێراق... رزگاربوونی مرۆڤ لە شەڕی ناوخۆ




فـــەهـــد گـــــردەوانـی

ستۆکهۆڵم2005/12/18

ئەمن ئەوەندە مرۆڤم خۆش دەوێ کە هەرگیز حەز ناکەم ئازار بدرێت و بکوژرێ ...وەکو رۆژ بۆم روونە ئەو عێراقە جێگای ئەو هەموو سەرە زلانەی تێدا نابێتەوە و شەڕێکی ناوخۆیی تێدا روودەدات، ئەگەر بێت و دابەش نەکرێت...ئەو کەسەی ترسی من دەڕەوێنێتەوە با بۆم باس نەکات فیدراڵیەت واتە {وەحدەی



عێراق}یەکێتی عێراق...با نموونەی سویسرا و ئەڵمانیا و ئەمریکام بۆ باس نەکات ، چونکە دیموکراتیەت لەو وڵاتانە وەکو خورەوشت و کۆلتور وایە ، بۆ ئێمە و ناوچەی ئێمە دیموکراتەت هەر پەیڤی سەر کاغەزە...تۆ قەبووڵت نیە براکەت رەخنەت لێبگری و خوشکت شتی تازەت بۆ رونبکاتەوە جا چۆن ریز لە نەتەوەیەک دەگریت کە خۆی بە گەورەتر لەتۆ دابنێ و لێت نەگەڕێ شاروگوندی خۆت بگەڕێتەوە لای خۆت... ئەو عێراقە جاران بە ئاگروئاسن پێکەوە بەسترابۆ وە ئێستاکە سەردەمی زوڵم و زۆرداری وەڵ بوو ، دەبێ مرۆڤ ئازاد بێت لەکوێ دەیەوێت بژێ و چۆن دەیەوێ بژێ ، خەڵک نابێت جینوساید بکرێت و لەماڵی خۆی و لە شوێنی خۆی شاربەدەر بکرێت... تەنها پێکدادان لەگەڵ ئەو گروپە تیرۆریستانەی کە باوەڕیان بە زمانی دیالۆگ نیە دەکرێت کاتێک دیموکراتیەت دەخەنە ژێر قاچیان و بە زۆری سەندوقی دەنگدان زەوت دەکەن و رێگات نادەن وەکو مرۆڤ بە مێشکی خۆت بیربکەیەوە ، ئەمەش شەڕێکی جیهانیە و کوردیش دەبێ هەوڵبدات نەهێڵێ ناوچەکەی ببێتە ناوەندی ئەو گروپانە ، کورد دەبێ هەردەم گۆڕەپانی یاری دیموکراسی فراوان بکات و لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە منداڵ فێر بکات کە براوخوشکی بەرامبەری وەک مرۆڤ خۆش بوێ و ریزی بگرێت ، جا با ئەو مرۆڤە ئاینی جیاوازبێت یا قسەکردنی جیاواز...هتد...شەڕی تازە بووە بە شەڕی ئایین ئەویش هەندێک ئەو ناوەیان لێناوە هەتا خۆیان لەژێر

ناوەکەی بشارنەوە... ئەو شەڕەی من لێی دەترسم شەڕێکی ترە لە نێوان مەزهەبی سونە و شیعە ... هەر لە ئێستاوە {زەرقاوی} کە خۆی بە {ئەمیری بلاد رافیدین} داناوە ، خوێنی شیعە و کوردی حەڵاڵ کردووە ، ئەمەش ئەو ڕێبازەیە کە (القاعدە) وەکو سیاسەت لە عێراقدا پەیڕەوی دەکات هەتا ئەگەر لەشکری ئەمریکاوییانیش دەربچێ هەر بەردەوام دەبن ، هەندێک گروپی سونە کەسەر بە رژێمی فاشی صەدام حوسێن بوون یەکتر دەگرنەوە لەگەڵ جەماعەتی قاعیدە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەگەرنا القاعدە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە فکری شۆڤینی بەعس نیە ، بەڵام هەردوکیان لە دژایەتی کورد و شیعە هاوخەباتن ...شیعە کە ئێستاکە دەوڵەتی ئێرانی هەیە ، لە بەرامبەر بیری {القاعدە} و بیری سونە خۆی بە هێز دەکات و هەوڵ دەدا خەڵکی خۆی بەرامبەر ئەو مەزهەبە هانبدات کە لە مەرجەعیەت کۆببنەوە ...ئێران وەکو دەوڵەتی شیعە نەک وەکو دەوڵەتی ناوچەکە دەیەوێ لە لوبنانی {حەریری سەر بە سعودیە...بە دوور نەبێت و بە تەواوی پشتگیری شیعەی (حزب الله) ی حەسەن نەصراللە دەکات}... لە بەرامبەر یارمەتی سونەی پاکستان و ئەفگانستان کە سعودیە و ئوسامەی کوڕی لادن یارمەتیان دەدات ، شیعەی ئێران یارمەتی شیعەی سعودیە و پاکستان دەدات ... هەردوولا سعودیای جیهانی ئیسلامی سونە و ئێرانی جیهانی ئیسلامی شیعە لە پێشبڕکێن هەتا سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بخەنە بەر دەستیان ، هیچیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە و لە هەندێک باری سیاسیش دژی یەکترن ئەوەش زۆرجار لەو شەڕە کفتوگۆیانە دەردەچن کە لە ناوچەکە دێتە پێشەوە، شای ئوردن و سعودیە زوو هاواریان لێهەستا کە ناوچەکەیان دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی شیعە...سوریاش دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ ئێران دا هەیە ئەوانیش خۆیان بە عەلەوی دەبەستنەوە ...{ئەدۆنیسی شاعیر لەسەرەتای شۆڕشی ئێراندا پشتگیری خومەینی کرد ، ئەدۆنیس ئەو پشتگیریەی هەر بۆ مەزهەب دەگەڕێتەوە هەتا ئێستاکە ئەو لەکەیەی لە نێوچەواندا نووساوە ، هەتا من وای تێدەگەم بۆیە خەڵاتی نۆبلی پێرەوانەبینراوە ، هەروەکو یەشار کەمالی خۆمانە کە ئەویش هەڵەیەکی گەورەی تۆمار کرد ئەویش کاتێک جونتای تورکیا لە 1980/9/12 کۆدێتای سەربازی کرد ، یەشار کەمال لە سوید گەراوە تورکیا و لە ئازادی جونتا حەساوە، لە هەموو جیهان دژی ئەو کۆدێتایە خوێناویە خەڵک راپەڕین کەچی ئەو بێدەنگ بوو،ئەمەش بەگران لەسەری وەستا ، ئەویش هەتا ئەمڕۆ بێبەشە لەو خەڵاتە...ڕەنگە من لەو دوو سەرنجە هەڵەبم.ف.گ} وڵاتانی کەنداو لە دوا دانیشتنی بە ئاشکرا داوایان لە ئێرانی موسڵمان{شیعە} کرد کە واز لە بەرنامەی نەوەوی(ئەتۆمی) بهێنی هەتا ناوچەی کەنداو بەبێ چەکی ئەتۆمی بێت ، ئەو وڵاتانە دەزانن رێبازی شیعە ئەو موسڵمانەی کەنداوی بەلاوە موسڵمانی راسەقینە نیە بەڵکو دەزانی لە کەنداویش شیعە خۆشەویست نیەو لەهەندێک شوێن دەچەوسێنرێنەوە ، نمونەیەکی تریش هەر کە وەزیری دەرەوەی(سعودفەیسەل) سعودیای عارەبی باسی ئەوەی کرد دەسەڵاتی ئێران لەسەر عێراق زۆر دیارە ، یەکسەر (بەیان جەبری) وەزیری ناوخۆی عێراق لە وەڵامدا گووتی با سعودیەی عارەبی ئازادی بدات بە شیعەی سعودیا ، کەواتە ووردە ووردە ئەو جیاوازیە لە هەردوو مەزهەب بە ئاشکرا بەدیار دەکەوێ بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سەرتاسەری.....یان لە ناو کۆبونەوەی وڵاتانی ئیسلام یەکسەر (ئەحمەدی نەژاد)سەرۆکی ئێران هاواری کرد ئیسرائیل لابەرن و بیبەنەوە ئەوروپا و ئەمریکا یان کوشتنی یەهوود لە ئەوروپا راست نیە ، لەولایەش وڵاتانی عارەبی موسڵمان پێشبرکێیانە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئیسرائیل ، ئەوەش هەر خۆ بە فەرز کردنە لەسەر جیهانی ئیسلام و خۆنیشاندانە کە ئێران پارێزگاری خاکی فەلەستین دەکات ، حەماس و ئیسلامەکانی فەلەستین بەو باسکردنە کەیف خۆش بوون و پشتگیری ئێرانیان کرد ،ئەگەرچی وڵاتانی عارەبی هاریکاری ئابووری زۆری فەلەستینیەکان دەکەن ، ئێستاکە ئێران قەبووڵ ناکات فەلەستینیەکانی کامپی لوبنان و ئوردن لە تاران بە خێو بکات ئەمەش تەنها قسەی زلی سیاسەتە....ئەو دابەش بوونی مەزهەبیە عێراقی گرتەوەوە ، تازە مەرجەعیەتی شیعە رێگا نادات جارەکی تر ببێتە برا بچوکی کەمینەی سونە...پشتیشی بە ئێران بە هێزە و شیعەی ئێرانیش بۆ زیارەتی کەربەلا و نەجەف زۆر بە پەرۆشترن لە زیارەتی کەعبە و حەزیش دەکەن ئەو ناوچەیە هەر لەژێر چاودێری شیعەی برایان بێت ، جا با حکومەتی دیموکراتی فیدرالی عێراقیش دروست ببێت ، ئێران هەر پیاوی خۆی و

سیخوری خۆی رەوانە دەکات هەتا دەستی لەو عێراقە دیموکراتە رۆیشتوو بێت ، کورد و سونەش با هەر هاواری دەست تێوەردانی ئێران بن ، ئەمەش هەندەک لەو تەنگوچەڵەمەی ناو خۆ زیاتر دەکات،دەربارەی حەوزەی نەجەف و کەربەلا تازە دەوڵەتی مەرکەزی بەغدا بۆی ناکرێت دەستی بەسەر دابگرێت تەنها بە داگیرکردن بۆی ئەنجام دەدرێ ، کە ئەوەش لە حکومەتی یەکگرتوو ئەگەر سونە بێت یان کورد ناتوانی خۆی لەو گوریسە سوورە نزیک بکاتەوە ، کەواتە هاتوچۆ و زیارەتی هەردوو ئیمام عەلی و حوسێن بۆ شیعەی ئێران و شیعەی شوێنەکانی تر ئازاد تر دەبێت ...ئەگەر عێراق دابەش نەبێت ، رەنگە ئەو شەڕەی نێوان سونە و شیعە پڕوشکی کوردستانیش بگرێتەوە.کورد بەیەک دەنگی بەهێزترە دەبی زوو هەوڵبدات ماڵی خۆی رێکبخات و یەلگرتووبێت...عارەبی سونە و شیعە لە کەرکوک و ناوچە تەعریب کراوەکان هاودەنگ دەبن لە دژی خواستی کورد...سەرۆک کورد بێت یان سونە یان شیعە بۆی ناکرێت دڵی ئەو هەموو ئایین و نەتەوە و مەزهەب و چین و رەگەز و ...هتد رازی بکات...باری ژیانی هەریەکەیان لە ئەوەی تر خۆشتربکرێت ، ئەوا حیسابی دەست بەسەر و دەست بەسەر داگرتن دێتە پێشەوە...هەر وەزارەت و دامودەزگایەکی دەوڵەت کە سونە یا کورد یا تورکمان یا شیعە یا مەسیحی بکەویتە ژێر دەستی ، بیر لە شارەزاوپسپۆری کار ناکرێتەوە بەڵکو ئەوانەی سەر بە نەتەوە و ئایینی وەزیرین ئەوانە دادەمەزرێن و وەزارەتەکە داگیردەکەن ،لە حکومەتەکەی عەلاوی و جەعفەری بە ئاشکرا دەبینرا، ئەمەش دیسان ترسی تری بەدواوەیە...کێ دەتوانی سونە قەناعەت پێبکات کە کوردستان و خاکەکەی بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانی گەورەیە...کێ دەتوانی خۆی لە فتوای مەرجەعیەتی نەجەف بپارێزی و کفتوگۆی دەربارەی بکات ، ئەو فتوایە لە رای پەرلەمان و حکومەت گەورەترە و خەڵکی پەیرەوی دەکات و پەیرەوی بریاری دەوڵەت ناکات ... لە ئێران خەڵک لەژێر چەتری خامەنائی زیاتر کۆدەبیتەوە نەک لەژێر چەتری ئەحمەدی نەژاد...ئەوەش ئاسان نیە بۆ سەرۆکی کورد یا مەسیحی یا سونە بکەوێتە سەرچۆک و دەستی سەماحەت ماچ بکات...کەواتە ئاسان نیە ئەوانە پێکەوە کۆبکرێنەوە ، جا هەتا لەشکری ئەمریکاوهاوپەیمانان لە عێراقن زۆر بە هێمنانە دابەش بوون و پارچەکردنی عێراق رابگەیەنرێت ، خەڵکی عێراق لە کارەساتی کوشتن رزگار دەکرێت...کوردستان دەبێ زۆر هۆشیارانە بیر لەوە بکاتەوە ، تاقە رزگاربوون لەو بارە ناهەمووارە ئازادی بوونە لەو عێراقە بەزۆر لێک بەستراوە و ئەو برایەتەش لە دڵەوە راستەقینە نیە بەڵکو هەریەکە دەیەوێ خۆی نیشانبدات دڵسۆزی ئەوەی ترە کەچی بەراست و دروستی نیە ...